هەر ئیوە پیشەنگن رابوونی خویندکاران لە کاری ریکخراوەیدا ... عەودالیکی ریگای ئازادی

ئیمروو لە سایتی کوردستان نیتا خویندمەوە کە ریکخراوی رابوونی خویندکارو لاوانی کوردستان کۆریکی بۆ دکتۆر فەرهاد پیربال گیراوە لەشاری سلیمانی ئەوەی ئاگاداربم خویندکارو لاویکی زۆری شاری سلیمانی ئامادەی ئەو کۆرە بوون ئەوەی راستی بیت رابوونی خویندکارو لاوانی کوردستانی بەو کردارو هەنگاو نانە جوانەی سەلماندنی توانا مەعنەوەیەکەیان زۆر گەورەترە لە چاو توانا مادییەکەی ریکخراووەکە ئیمە خۆ هەموو شارەزای ئەو ریکخراوەین کە لەلایەن حزبی یارمەتی ئەدری کە بودجەکەی لە ژیر رەحمەتی یەکیەتی یە کە یەکیەتی بە مەزاجی خۆی بودجە ئەدات بە حزبی زەحمەتکیشان بەرپرسانی یەکیەتی وا ئەزانن ئەو بودجەیەی دەیدەن بە حزبی زەحمەتکیشان لە بەرکی باوکیان دەردەچی ئەوان بەو حزبە ئەکەن زۆر بەداخەوە ریکخراویکی وەکوو رابوون هەبیت لە کوردستانا بەلام بە هۆی ریکخراوی هەردووحزبە دەسەلاتدارەکە نیە یاخود لەو ریکخراوو و سەنتەرانە کە لە ژیر پەردەی یەکیەتی و پارتی دروست کراون بۆیە یارمەتی نادری وە ناهیلری کارو چالاکیەکانی خۆی بکات لە کوردستانا زۆرترین کات بەربەست لە ریگای ئەندامە ماندوو نەناسەکانی ئەو ریکخراوە دانراوە رابوون ئەو ریکخراوەیە کە ئەندامانی ئەو ریکخراوە لەسەر بیر هۆشە گۆشکراون کە زۆر زیاتر لە بودجەکەیان کاربکەن بە کردەوەکانیان لە مەیدانی کارکردنی ریکخراوەیی لە کوردستانا وایان پیشان داوە هەر خۆیان پیشەنگن هەر ئەوانن کرین و فرۆشتن بە بیرو رای خویندکاران ناکەن هەر ئەوانن لە مەیدانی ریفۆرم خوازانی کوردستان بوینە ئەوان بوینە بە بلاوکراوە سەرکەوتوەکەیان لە کوردستانا کە بلاوکراوەی ژیانی نوی بۆتە دەنگی هەموو خویندکاریکی ئەو کوردستانە کە بۆتە مینبەری رەخنە لە هەموو گەندەلیەکانی دەزگاکانی پەروەردە دەگریت لە کوردستان بەبی ترس و لەرز ئەوەش بۆتە جیگای شانازی بۆ هەموو خویندکاریکی کورد کە نوینەریکی ئەوایان لەبەر ئەوان روبەروی دەسەلات ئەوەستیتەوە وە عەودالی بە دەست هینانی گشت مافەکانی خویندکارانە لە کۆتاییا دەلیم هەر سەرکەش بیت ناوی رابوونی خویندکارو لاوانی کوردستان لە کوردستانا.

هەولیر